ڕاپۆرتی کارو چالاکییەکانی وەزارەتی پلاندانان
www.mop-krg.org

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان



# کارو چالاکییەکانی وەرزی دووەم

## نیسان - مایس - حوزەیران

2011

وەزارەتی پلاندانان بەشێوەیەکی بەردەوام هەڵدەستێ بەئامادەکردنی کادیری ڕاهێنەر لەتەواوی وەزارەتەکان تائەوانیش ڕاهێنان بۆ فەرمانبەرانی حکومەت بکەن.

کردنەوەی خولێکی ڕاهێنان تایبەت بەرووپێوی I-WISH بەبەشداری گشت پارێزگاکانی عیراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە لەهۆڵی ئوتێل (چوارچرا) لەهەولێر

بەئامادە بوونی بەڕێز (د.علی سندی) وەزیری پلاندانان لەدیوانی وەزارەت بۆ تاوتوێکردنی پرسی پۆلێنکردنی کۆمپانیاو بەلێندەران کۆبونەوەیەکی بەرفراوان سازکرا







تەمموز - 2011

(( هەولێر — شەقامی 60 مەتری — نزیك سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران ))

وەزارەتی پلاندانان
www.mop-krg.org



وەزارەتی پلاندانان هەمیشە تێدەکۆشێ لە پێناو پەرە پێدان و باشتر کردنی خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، ئەویش بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکەی حکومەت و لایەنی دیکەی پەیوەندار

ڕاپـــۆرتی کارو چالاکییەکانی وەرزی دووەم    ژمـارە 6    تەمموز

# کارو چالاکییە ئەنجامدراوەکانی وەزارەتی پلاندانان لەماوەی نێوان مانگی (نیسان- مایس- حوزەیران)

## لەم ژمارەیەدا


- گفتوگۆکانی پەرلەمان لەسەر بودجە بەئامادەبوونی وەزیری پلاندانان (د. عەلی سندی ..................ل2
- کارو چالاکییەکانی پەیوەندار بە پۆلێنی کۆمپانیاو بەلێندەران ..................................ل(3-4)
- ئەنجامدانی چەند ڕووپێوێك لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێم بەهاوکاری دەزگای ناوەندی ئامار لەبەغدا.............................................ل5
- ئەنجامدان ، بەردەوامبوون وەئامادەکاری بۆ دەیان ڕووپێوو پرۆژەکانی دیکەی GIS...............ل(6-7)
- ئەنجامدانی سەدان پشکنین لەلایەن دەستەی پێوانە سازی و کۆنترۆلی جۆری بۆ مەوادی هاوردەکراو .........ل(8-9)
- کردنەوەی چەندین خولی پەرەپێدانی مرۆیی بۆ فەرمانبەرانی دام و دەزگاکانی حکومەت . ....ل(10-11)
- کردنەوەی خولی (چۆنییەتی بڕیاردان) بۆفەرمانبەری 33 وەزارەتەکان.................................ل11
- ئامادەکردنی ڕەشنوسی پلانی ستراتیجی بۆ هەرێمی کوردستان.................................ل12
- ئامادەکردنی پلانی بودجەی وەبەرهێنان ..........ل13
- دەستپێکردنی ستراتیجیەتێك لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی هابیتات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون لەهەولێر .. ........................ل14
- ڕاگەیاندنی سیستمی بەڕێوەبردنی پەرەپێدانی کوردسان (KDMS) لەهەولێر.............................ل15
- پرۆگرامی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەڕاوێژ / CSDP ئەنجامدرا .. ...............................ل16


## تیشکێکی خێرا لەسەر کارو چالاکییەکانی وەزارەتی پلاندانان

وەزارەتی پلاندانان پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بەبواری پلاندانان و پەرەپێدانی هەرێم لەڕێگای ئامادەکردنی ئەو پلانانەی کەلەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بۆ گشت سێکتەرەکان دادەڕێژرێت .

ئامانجیش لەئەمانە بریتی یە لە: بەرزکردنەوە و باشترکردنی ئاستی گوزەرانی خەلك ، باشترکردنی خزمەتگوزاریەکان ، بووژاندنەوەی باری ئابووری و ژێرخان ، ئامادەکردن و پێشنیازکردنی ئەو پرۆژانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بەم ئامانجانەی سەرەوە و ڕەچاوکردنی ئەولەویات لەدابەشکردنی پرۆژەکان و بەرنامە پێویستەکانی دیکەی ئاوەدانکردنەوە ، ئەویش لەڕێگای دارشتنی پلانی کورت خایەن ، مام ناوەند و درێژ خایەن بۆ سێکتەرە جیاجیاکان ، کە بەهاوکاری و هەماهەنگی ڕاستەوخۆی نێوان وەزارەت و دام و دەزگا پەیوەندارەکانی تری حکومەت ئەنجامدەدرێت.

وە هەر سەبارەت بەداڕشتنی پلانی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی حکومیش ، هەڵبەت چەندین فاکتەرو میکانیزمی دیاریکراو هەن کەلەم بوارەدا لەبەرچاو دەگیرێن بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی و دادپەروەری لەدانانی ئەم پلانانە لەوانەش: دیراسەکردنی جەدوای اقتصادی ، شوێنی ئەنجامدانی پرۆژەکان (شوێنی جوگرافی) و ئەولەویات لە پێداویستیەکان و...هتد.

لە پێناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش وەزارەت لەڕێگای دام و دەزگاکانی خۆی لەماوەی ئەم سێ مانگەدا (نیسان - مایس - حوزەیران) -2011 هەماهەنگی پێویستی کردوە لەگەل وەزارەتە پەیوەندارەکانی حکومەتی هەرێم و بەشداربووانی (Partners) بەمەبەستی جێبەجێکردن و بەردەوام بوون لەئەنجامدانی پرۆژەی جۆراوجۆر لەوانە : بەردەوامبوون لەسەر ئامادەکارییەکانی پلانی ستراتیجی بۆ هەرێمی کوردستان کەبەدەسکەوتێکی گرنگی حکومەت دادەنرێت بەتایبەتی کە پرۆژەیەکی گرنگی لەم جۆرە یەکەمین جارە لەکوردستان پێڕۆ دەکرێت ، ئەم پلانەش بڕیارە لەکاتێکی نزیکی داهاتوو دوای تەواو بوونی بلاو بکرێتەوەو کاری پێ بکرێت. هەروەها وەزارت لەم ماوەیەی سەرەوەدا کاری تری گرنگی ئەنجامداوە لە بواری ئامادەکاری بۆ بودجەی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی حکومەت و ڕووپێوو پشکنینەکانی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری و پۆلێنکردنی کۆمپانیاو بەلێندەران و هەروەها کردنەوەی دەیان خولی پەرەپێدانی توانستی فەرمانبەرانی حکومەت و هاوکاری و هەماهەنگی لەگەل ڕێکخراوو لایەنە دەرەکییەکان بۆ زیاتر هاوکاریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەرەپێدان و ئاوەداکردنەوەدا. پەیوەندار.

تاقیگەکانی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری بەشێوەیەکی سەرەکی هەلدەستین بە ئەنجامدانی پشکنینی پێویست بە گوێرەی تایبە تمەندی عیراقی لە (پشکنینی بایۆلۆجی، کیمیاوی، فیزیاوی) ، هەروەها پشـــکنینی کەل و پەلـــی هاوردەکراو لـەڕێگای خالە سنوریەکانی هەرێم و فڕۆکەخانەکانی.



ئەنجامدانی ڕووپێوی تۆڕی زانیاری عیراق دەربارەی وەرگرتنی زانیاری لەسەر: : هێزی کار ، چونیەتی و چەندایەتیی خۆراك، خزمەتگوزارییەکان، ئاستی خەرجییەکانی خێزان، جۆری خەرجییەکان و هەروەها چۆنیەتـی حوکمڕانیی دەسـەلآت و ئاستی شـەفافیەت و دەســـتپاکـــی.



کردنەوەی خولی فەرمانبەرانی تازە لەوەزارەتی پلاندانان بەمەستی ئاشناکردنی فەرمانبەرە تازەکانە لە ئەرك و مافەکانی ئەداکردنی ئەرکی گشتی، بەگوێرەی یاسای خزمەتکردنی شارستانی و بەخشینی زانیاری تایبەت لەبارەی سیستەمی شەفافییەت و نەزاهەت لەئەنجامدانی ئەرکەکانیان.



# گفتوگۆکانی پەرلەمان لەسەر بودجە بەئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پلاندانان (د. عەلی سندی)


گفتوگۆکانی پەرلەمان لەسەر پەسەندکردنی بودجەی سالی 2011

وەزارەتی پلاندانان ئەرکی داڕشتنی بودجەی وەبەرهێنانی حکومی لەئەستۆدایە. وە لەڕێگای هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکەی حکومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندارەکان و کاری هاوبەش لەناو خودی وەزارەتدا بودجەی ئەم سالی 2011ی داڕشت.

بودجەی وەبەرهێنانی ئەم ساڵ بایەخ دەدات بە هەموو کەرتەکان بەتایبەتی کەرتی کارەبا کە پشکی سەرەکی بەر کەوتوە ، ئەمەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستیەی کە پڕۆسەی پەرەپێدان لە هەرێمی کوردستان بەخێرایی هەنگاو دەنێت.

وەهاتنی ژمارەیەکی زۆری وەبەرهێنی بیانی و زۆربوونی پڕۆژەی نوێ ئاماژەن بۆ ئەوەی کەکوردستان پێداویستی کارەبای لە بەرزبوونەوە دایە لەداهاتوودا. بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتی پلاندانان وەك ئامانجێکی ستراتیجی هەولی بەرزکردنەوەی تواناکانی ئەم کەرتە دەدات بۆ ئەوەی بتوانێت کارەبای هاوولاتی و لایەنە پیشەسازی و ئابووری یەکان وەك پێویست دابین بکات.

وە دەربارەی کەرتەکانی دیکەی وەك پەروەردە ، تەندروستی ، ڕێگاوبان و کشتوکالیش تووانراوە گرنگی باشیان پێبدرێت ، وەئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کەوا زۆربەی پڕۆژەکانی ئەم بوارانە پڕۆژەی ستراتیجین کەلەداهاتوودا دەبنە هۆی بووژانەوەو باشترکردنی ژێرخان و بنەماکان لە پەرەپێدانی ئەم کەرتانە.

لەگەل دەستپێکردنی گفتوگۆکانی تایبەت بە پەسەندکردنی بودجەی سالی 2011 لەناو هۆلی پەرلەمان بەڕێز د. عەلی سندی وەزیری پلاندانان بەشداری هەموو کۆبوونەوەکانی کردو وەلامی تەواوی ئەو پرسیارانەی دایەوە کەلەلایەن پەرلەمانتارانەوە ئاراستە دەکران ، دواتریش بەڕێزیان بابەتێکی پێشکەش بە پەرلەمان کرد ، کەتیایدا چەندین خالی ناڕۆشنی بودجەی بۆ ڕوون کردنەوە.

ئەگەرچی بودجەی سالی 2011 بەهۆی دواکەوتنی بودجەی گشتی عیراق زۆر لەوادەی خۆی دواکەوت ، بەلاّم ئەوەی کەوا بودجەی ئەم ساڵ لەسالأنی تر جیادەکاتەوە کەمبوونەوەی ئەو کەم و کوڕیانەیە کە لەبودجەکانی پێشووتردا بەدی دەکران ، ئەمە جگە لە پەیڕەوکردنی شەفافیەت لەئامادەکردن و پێشکەشکردنیدا. وەئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕووپێوەی کە (ڕێکخراوی نێودەولەتی بودجە - International) Budget Partnership بەناونیشانی (ڕووپێوی بودجەی کراوە) ئەنجامی داوە ، تیایدا 94 وولات هەلسەنگاندیان بۆ کراوە لەوانە 72 وولات مەرجەکانی شەفافیەت و بەرپرسیارێتیان تیادا ڕەچاو نەکرابوو. وە بەبەراوردکردنی ئەنجامەکانی ئەم ڕووپێوە لەگەل هەرێمی کوردستان ، دەبینین کەوا ئاستی هەرێمی کوردستان لە بواری شەفافیەتەوە لە زۆربەی ئەم وولاتانە بەرزترە ، وە لەداهاتووشدا وا چاوەڕوان دەکرێت بە بەدەستهێنانی شارەزایی و ئەزموونی زیاتر ، بتوانرێت بودجە بە پێی ڕێنمایی و ستاندارده نێودەولەتییەکان وەبەشێوەیەکی باشتر ئامادەو جێبەجێ بکرێت.

# کارو چالاکییەکانی پەیوەندار بە پۆلێن کردنی کۆمپانیاو بەلێندەران

## تاوتوێکردنی چەند پرسێکی پەیوەندار بە پۆلێنکردنی کۆمپانیاو بەلێندەران لەدیوانی وەزارەت



بەڕێز (د. علی سندی) وەزیری پلانانان لەکاتی تاوتوێکردنی کاری پۆلێنی کۆمپانیاو بەلێندەران لەگەل لایەنە پەیوەندارەکان لە 2011/6/19

ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی (2011/6//19) لە وەزارەتی پلاندانان بە ئامادە بوونی بەڕێز (د.علی سندی) وەزیری پلاندانان و سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی تێهەڵچوونەوە (استئناف) و پۆلێنی بەلێندەران و بەڕێوەبەرایەتی.گرێیەستە گشتیەکان لە وەزارەتی پلاندانان لەگەڵ سەرۆکی فەرمانگەی پلاندانان و بەدواداچوون لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و هەریەك لە نوێنەرانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و نوێنەری یەکێتی بەلێندەران لە پارێزگاکانی (هەولێرو سلێمانی و دهۆك) کۆبوونەوەیەك سازکرا کە تیایدا دوو تەوەر خرانەڕوو : تەوەری یەکەم باس لەدۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك کرا لەمەڕ ئەو کێشەو گرفتانەی ڕوو بەڕووی لیژنەی پۆلێن کردن و بەلێندەران و بەلێندەرو کۆمپانیای بیانی دەبنەوە لەکاتی جێ بەجێ کردنی نیزامی ژمارە (4)ی ساڵی (2010) کە تایبەتە بە پۆلینکردنی لقی کۆمپانیای بیانی، وەباس لەجێ بەجێ کردن و بەگرنگی وەرگرتنی (ڕێنمایی جێ بەجێ کردنی گرێیەستە گشتیەکان) کرا کە لەوەزارەتی پلاندانان دەرچووە. دوای ئەوە وەزیری پلاندانان هاتنی کۆمپانیا بیانیەکانی بەرز نرخاندو بە ڕوونی تیشکی خستە سەر ئەو گرفتانەی کە لە نیزامی ژمارە (4)ی ساڵی (2010) هەیەو دەبن بە کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم وەبەرهێنان و هاتن و کار کردنی کۆمپانیا بیانییەکان لە لایەك و هەڵسەنگاندنی لایەنی دارایی و لێهاتوی کۆمپانیاکان لەجێ بەجێ کردنی پرۆژەکان لە لایەکی تر ، دوای ئەمە لەلایەن سەرۆکی لیژنەی پۆلین کردنی بەلێندەران کورتە باسێك لە دەر ئەنجامەکانی سەردانەکەی لیژنەی ناوبراو کرا ، کە ماوەیەك لەمەو بەر بۆ وولاتی (تورکیا) ئەنجام درابوو بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری پێویست لەسەر چۆنیەتی مامەڵە کردنی وولاتی تورکیا لەگەڵ سپاردنی پرۆژەکان و چۆنیەتی شێوازی هەڵسەنگاندنی لێهاتوی دارایی کۆمپانیاکانیان ، وە هەروەها لەلایەن سەرۆکی فەرمانگەی پلاندانان و بەدواداچوون لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و دواتر هەر یەك لە نوێنەرانی پارێزگاکان و یەکێتی بەلێندەرانی کوردستان بۆ ئەم مەبەستانە گفتوگۆ و قسەو باسی تێرو تەسەلی لەسەر کرا . پاشان لە لایەن بەڕێز وەزیری پلاندانان کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هێنراو ، بەڕێزیان داوای لەلایەنەکان کرد کەڕاسپاردەو پێشنیارەکانیان بەنووسین ڕەوانە بکەن تاکو بە نووسراوێکی فەرمی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەو پێشنیارو ڕاسپاردانە ئاگادار بکەنەوەو بڕیاری پێویست و گونجاوی بۆ بدرێت.

### خشتەی پۆلێنی تازەی کۆمپانیاکان

| پارێزگا | هەولێر | سلێمانی | دهۆك |
|---|---|---|---|
| کۆمپانیا | 22 | 9 | 5 |

### خشتەی بەرزکردنەوەی پلەی کۆمپانیاکان

| پارێزگا | هەولێر | سلێمانی | دهۆك |
|---|---|---|---|
| کۆمپانیا | 2 | 2 | 2 |

### هێلکاری پۆلێنی تازەی کۆمپانیاکان




### هێلکاری بەرزکردنەوەی پلەی کۆمپانیاکان



# بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری پێویست دەربارەی شێوازی پۆلێنکردنی کۆمپانیاکانی تورکیا لیژنەی پۆلێنکردنی بەڵێندەران لە (9-11)/ 5/ 2011 سەردانی ئەو وولاتەیان کرد




- سەرلەبەیانی ڕۆژی 9/5/ 2011 لەشاری ئەنقەرە لەبارەگای تایبەتی خۆیان کۆبونەوەیەك لەگەڵ سکرتاریەتی سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران بۆ کاروباری بازرگانی دەرەوە Undersecretary of the Prime Ministry for Foreign Trade (UFT) General Director of Agreements ئە نجامدرا ، کەئەرکیان سەرپەرشتی کردنی بازرگانی گشتی یە لەدەرەوەی وولآت .
- پاش نیوەرۆی هەمان ڕۆژ لە بارەگای ( یەکێتی ڕاوێژکارانی ئەندازیاران ) کۆبوونەوەیەکی تر لەگەڵ دەستەی ڕاوێژکارانی ئەندازیارو دیزاین کارانی تورك Association of Turkish Consulting Engineers and Architects سازکرا کەئەرکیان پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری ڕاوێژکاری ئەندازیاری و چاودێری کردنی پڕۆژەکانی ناوەوە و دەرەوەی تورکیایە .
- لەئێوارەی هەمان ڕۆژدا لەبارەگای ژووری بازرگانی ئەنقەرە Chamber of Commerce in Ankara کۆبوونەوەیەك لەگەڵ شاندێکی ئەم ژوورە ئە نجامدرا ، کە تیایدا باس لە بڕوانامەی ژوورەکەیان کرا و تیشك خرایە سەر ئەوەی کە ئەم بەڵگە نامەیە تەنها بۆ زانینی سەرمایەو جۆری چالآکی و ئەدرێس و پلەی بازرگانیەکەیتی کەئەم پلەیەش بەپێی بڕی سەرمایەکەی دەگۆڕێت و هەڵسەنگاندنی شارەزایی تیادا نی یە.
- لە بەیانی ڕۆژی 10 /5 /2011 کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان ئە نجامدرا لەگەڵ شاندێکی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن Ministry of Public Works and Settlement کەتیایدا بەڕێوەبەری گشتی و چەند کارمەندێکی تایبەت بەکاری بەڵێندەران و کۆمپانیا کان ئامادەی بوون ، وە ئەم وەزارەتە پەیوەندیەکی ڕاستە و خۆی هەیە لەسەر پرۆژەکانی حکومەت، وە بڕوانامەی تەواو کردنی پڕۆژە حکومیەکان لەم وەزارەتەوە دەردەچێت.
- لە پاش نیوەرۆی هەمان ڕۆژدا کۆبوونەوەیەکی دیکە لەگەڵ ڕێکخراوی خاوەن کارانی تورکی Turkish Employer’s Association of Construction Industries (INTES) ئە نجامدا. ئەم ڕێکخراوەش ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنیە کە ئەرکی چاودێری کردنی کاری بەڵێندەرانە لەڕووی ئەرك و مافەوە ، وەتا ئیستا نزیکەی ( 400 ) کۆمپانیا بوونەتە ئەندام تیایدا کە نزیکەی ( 250 ) لەم کۆمپانیایانە لە دەرەوەی تورکیا کار دەکەن و 95% ی ئەو پڕۆژانەی لە تورکیا ئە نجام دەدرێن لەلایەن ئەو کۆمپانیایانە ئە نجامدەدرێت ، وە هەروەها ئەندامیشیان لەدەستەی سپاردنی پڕۆژەکانیشدا هەیە بەسیفەتی چاودێر *( دەستەی سپاردنی پڕۆژەکان: لەتورکیا دەستەیەکی تایبەت هەیە بەناوی دەستەی سپاردنی پڕۆژەکان کەئەرکی سەرپەرشتیکردنی سپاردنی ( احالة ) ی پڕۆژەکانە بە کۆمپانیاکان لەو ولآتە )*
- سەرلەبەیانی ڕۆژی 11/5/ 2011 لەشاری ئەستنبول کۆبونەوەیەکی تر لەگەڵ دەستەی پەیوەندیەکانی ئابووری بیانی سەربەخۆ Foreign Economic Relations Board (DEIK)ئە نجامدرا، کەئەم دەستەیە سەرۆکایەتی یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی عێراقی - تورکی دەکات.

# ئەنجامدانی چەند ڕووپێوێك لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێم بەهاوکاری دەزگای ناوەندی ئاماری بەغدا

## ئەنجامدانی ڕووپێوی تۆڕی زانیاری عێراق

**Iraqi Knowledge Network (IKN)**




ئەم ڕووپێوە لە ناوەراستی مانگی کانونی دووەمی ئەمساڵ لە هەموو پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان دەست پێکرا ماوەی 48 ڕۆژکاری مەیدانی تێیدا ئەنجامدراو لەسەرەتای مانگی 4 یش کارە مەیدانییەکان دوواییان هات. بڕیار وایە ئەم ڕووپێوە دووجار لەسەر یەك بەشێوەی ساڵانە ئەنجام بدرێت و دواتر دەرەنجامەکانیان لەگەل یەك بەراورد بکرێن.

مەبەستی سەرەکیی لە ئەنجامدانی ئەم ڕووپێوە دەست کەوتنی چەند زانیارییەك بوو لەسەر هێزی کار ( ئاستی کار و بێکاری )، چونیەتی و چەندایەتیی خۆراك، خزمەتگوزارییەکان، ئاستی خەرجییەکانی خێزان، جۆری خەرجییەکان وەهەروەها چۆنیەتی حوکمڕانی دەسەلات و ئاستی شەفافیەت و دەست پاکی.

لەبەر ئەوەی بابەتەکانی بەکارهاتوو لەم ڕووپێوەدا زۆرو جیاوازن ، بۆیە دەتوانین بلێین هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە سوودمەندن لەم ڕووپێوەدا و کارکردنی ڕاست و دروست و دانانی پلانێکی تۆکمە و کارا لەسەر دەرەنجامەکانی ئەم ڕووپێوە دەتوانێت خزمەت بە گشت لایەنەکانی کۆمەڵگا بکات. ئەم ڕووپێوە دەتوانێت ئاستی بێکاری دەربخات کە بێگومان یەکێکە لەبابەتە گەرم و گورەکانی ئەمڕۆ. هەروەها دەرکەوتنی ئاستی بژێوی خەڵك و ئاستی ئەو خواردەمەنیانەی کە خەڵك بەگشتی بەشێوی ڕۆژانە بەکار دەهێنن دەتوانێت ببێتە بنەمایەك بۆ دانانی پلانی ئاسایشی خۆراك لەلایەن حکومەتەوە. هەروەها بابەتێکی تری گرنگی ئەم ڕووپێوە بابەتی حوکمڕانی و ئاستی ڕەزامەندیی خەڵکە لە دەسەلات هەم لەڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی خزمەتگوزاری. هەروەها تا ڕادەیەکیش دەتوانێت باری ڕاگەیاندن و ڕادەی بڕوا و متمانەی خەڵك بە ڕاگەیاندنە ناوخۆی و دەرەکییەکان و هۆکارەکانی پەنابردنی خەڵك بە ڕاگەیاندنە بیانییەکان دەربخات. هەموو ئەمانە دەتوانن ببن بە بنەمایەك بۆ دارشتنی سیاسەت و پلانێکی ستراتیجیی درێژخایەن یاخود کورت خایەن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر و بەڕادەیەکی زیاتر حکومەت بتوانێت خزمەت بەهاووڵاتیانی خۆی بکات.

پێویستە بگوترێت کەوا ئەم ڕووپێوە لەلایەن چەند ئاژانسێکی سەر بەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پارەدار کراوە و سەرپەرشتی دەکرێت کە بریتیین لە :

WFP, UNDP, UNFPA, IAU, UN-HABITAT, UNODC, WHO, ILO, UNESCO

هەروەها لە عێراقیشدا دەزگای ناوەندی ئامارو لە هەرێمی کوردستانیش دەستەی ئاماری هەرێم سەرپەرشتی بەڕێوەچوونی کارە مەیدانییەکان دەکەن و بەشداری لەقۆناغەکانی تری وەك بەخشتەکردنی ئەنجامەکان، ڕاپۆرتی شرۆڤەکاری و بەفەرمی ڕاگەیاندنی دەرەنجامەکانیش دەکەن و بڕیارە لە ماوەی 2 مانگی دواتریش ڕاپۆرتی خشتەکان دەربچێت و پاشان کاربکرێت بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی کۆتایی ( شرۆڤەکاری — Data Processing ).

## ڕووپێوی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و تەندروستی ئافرەتی عیراقی

**Health and Social Condition of Iraqi Women**

دەستەی ئاماری هەرێم لەگەل دەزگای ناوەندی ئاماری بەغداو وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پاڵپشتی ڕێکخراوی UNFPA هەلدەستێت بەئەنجامدانی ئەم ڕووپێوە ( IRAQI Women Integrated Social and Health (I-WISH) -2011 ، کەتەواوکەری ڕوپێوی ( MICS - 4 )ە .

کردنەوەی خولێکی ڕاهێنان لەبەرواری 2011/5/29 تایبەت بەڕووپێوی I-WISH بەبەشداری گشت پارێزگاکانی عیراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە لەهۆلی ئوتێل ( چوارچرا ) لە پارێزگای هەولێر بەمەبەستی ئامادەکردنی چەند کادرێکی ڕاهێنراو بۆ پارێزگاکان بۆ ماوەی ( 7 ) ڕۆژ .

ئەم ڕوپێوە ( 10980 ) خێزان لەخۆ دەگرێت لەسەرتاسەری عیراق ، لەناویاندا ( 3072 ) خێزان




لە پارێزگاکانی هەرێمن کەبەپێی پارێزگاکان بەم شێوەیە : ( 654 ) خێزان لە دهۆك، ( 1488 ) خێزان لەسلێمانی و ( 930 ) خێزانیش لەهەولێر. هەروەها ( 99 ) توێژەری پارێزگاکانی هەرێم کەفەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتی ئامارو تەندروستی پارێزگاکانن، هەلدەستن بەئەنجامدانی کاری مەیدانی لە 25 / 2011/6 کە ماوەی (15) ڕۆژ بەردەوام دەبێت .

# ئەنجامدان ، بەردەوامبوون وە ئامادەکاری
# بۆ دەیان ڕووپێوو پڕۆژەکانی دیکەی بواری GIS

## ڕووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەر (خولی چوارەم)

**Multiple Indicators Cluster Survey (MICS 4)**

لەسەرەتای ساڵی نوێ خولەکانی ڕاهێنانی کارمەندانی مەیدانی و تۆمارکاری زانیارییەکان لەسەر ئاستی هەردوو وەزارەتی پلاندانان/دەستەی ئاماری هەرێم و وەزارەتی تەندروستی بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەسەر 10230 خێزان لەسەر ئاستی هەرێم بەڕێوەچوو، کەکاری مەیدانی و تۆماری زانیاری ئەنجامدرا، ئەم ڕووپێوە تایبەتە بەباری تەندروستی ئافرەت و منداڵ . لایەنی ئەنجامدەر و هاوکار یش بۆ ئەم پڕۆژەیە ڕێکخراوی UNICEF بوو، وەئەنجامدانی ووردبینیکردنی پرسیارنامەکانیش لەدەستەی ئامارو دواتر تۆمار کردنیان بەهۆی پرۆگرامی CSPRO وە بەبەشداری 37 کارمەند لە ووردبینیکردن و تۆمار کردن ، تائێستا گشت داتاکان تومارکراون و پرۆسەی بەڕێوەبردنی داتاکان و خاوێنکردنەوەیان بەردەوامەو بڕیاروایە لەسەرەتای مانگی ئابی 2011 ڕاپۆرتی بەرایی دەربچێت .جێگای ئاماژەیە کەلایەنی سوودمەند لەم پروژە یەدا وەزارەتی تەندروستی ، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی کاروباری کومەڵایەتی ، وەزارەتی شارەوانی، وەزارەتی ناوخۆیە . وە کاریگەری ئەم ڕووپێوەش گرنگیەکەی لەدەرچوونی باری تەندروستی و کۆمەلایەتی ژن و منداڵ و چۆنیەتی ڕێکخستنی لەناو خێزان و هەروەها دۆزینەوەی نیشاندەرەکانی Indicators مردنی منداڵان وچۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵیاندا وەبایەخدان بە منداڵبوون و چاودێری کردنیان، لەمانەش 21 نیشاندەری MDG کە نیشاندەرەکانی هەزارەی سێیەمی نێودەوڵەتی یە.

## ڕووپێوی ئابووری و کۆمەلایەتی خێزانی لە عێراق

**Iraqi Household Socio-Economic Survey (IHSES II)**

بەشداربوون لەدانانی پرسیارنامە و وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی و تاقیکردنەوەیان، کەلایەنی ئەنجامدەر و هاوکار بۆ ئەم پڕۆژەیە بانکی جیهانیە(World Bank )ە. وەئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پرسیارنامەش لەهەولێرو دهۆك وسلێمانی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لەمانگی نیسان و وۆرك شوپێکیش لەدەستەی ئامار ڕێکخرا لە ڕێکەوتی 11 ، 12 ، 13 ، 14 ی 4ی 2011 بۆ تاوتوێکردن و هەلسەنگاندنی پرسیار نامەکە دوای ئەم تاقیکردنەوەیەش بەبەشداری ئەنجامدەران لە( هەولێر، دهوك، سلێمانی ) و شارەزایانی ڕووپێو لەدەستەی ئامار ،هەروەها بەشداریشکرا لەکۆبونەوەکانی 11 - 12/ 6 /2011 کەلەبەیروت بۆ کارەکانی ڕێکخستنی فۆرم ، سامپل و شێوازی ڕووپێوەکە بەگشتی سازکرابوو.

## کارو پڕۆژەی دیکە

ئەنجامدانی دەیان کاری دیکەی پەیوەندار لەبواری GIS وەك ئامادەکردن و دیزانکردنی ئەتلەس و نەخشەی جیا جیا وەك Inter-active Map ، ئەتلەس و پڕۆفاییلەکان و پێرست و داتابەیسی پێویست بۆ پڕۆژەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی زانیاری و نەخشەسازی. ئەمانەش زۆربەیان بەکاری زانیاریە گشتیەکان دادەنرێن و گرنگی خۆیان هەیە بۆ دام و دەزگا حکومی و کەرتی تایبەت کەسوودی لێ وەردەگرن لەئەنجامدانی پڕۆژەکانیان.

### ڕووپێوی وردیلە خۆراك

Micro Nutrient Deficiency Assessment

ئەم ڕووپێوە لە قۆناغی ئامادەکاریی دایە کە تایبەتە بەباری ئافرەت و منداڵان ، وەبەهەماهەنگی لەگەل ڕێکخراوی WHO ئەنجامدەدرێت کەمنال و ئافرەت تیادا سوودمەندن، وەلەمانگی چوار خولێکی پێشکەوتووی پرۆگرامی CSPro کرایەوە لەولاتی ئوردن بۆ کارمەندانی وەزارەتی تەندروستی و پلاندانانی ناوەندی و هەرێمی کوردستان و دەستەی ئاماری هەرێم .

### ڕووپێوی ژینگەیی بۆ خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی

Municipality Service Environment Survey

ئەنجامدانی ووۆرکشوپێك لەسەر ڕاپۆرتی سەرەتایی ئەم ڕووپێوە کەلەلایەن نوێنەری هەریەك لەدەستەی ئاماری هەرێم و دەزگای ناوەندی ئامار و وەزارەتی ژینگە و شارەوانی و ئەمانەی بەغداو هەرێمی کوردستان بەرێوە چوو. ئەم ڕووپێوە کەرتەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و شارەوانیی لەخۆ دەگرێت.

### ڕووپێوی بارو دۆخی کارو دەستپاکی کارمەندان لەکەرتی گشتی

Working Conditions and Integrity of Civil Servants Survey

ئەم ڕووپیوە لە قوناغی ئامادەکاری دایە بۆ مەبەستی هەلسەنگاندنی بارودۆخی کار و دەستپاکی کارمەندان لەکەرتی گشتی کەتایبەتە بە دیاریکردنی باردۆخی کار و شەفافیەت لەکاری فەرمانبەرانی حکومەت .

# ڕووپێوی بەراوردییەکانی نێودەوڵەتی
# مسح المقارنات الدوليه (ICP)

ئەم ڕووپێوە لەلایەن ڕێکخراویی (ESCWA) و سەرپەرشتی بانکی جیهانی هاوکاری دەکرێت وە لە 170 وولاتی جیهان ئەنجامدەدرێت و لەکیشوەری ئاسیاش (الاسکوا) 14 ووڵات بەشداری دەکەن، پارێزگای هەولێریش وەك نمونە وەگیراوە لەگەل8 پارێزگای دیکەی عێراق . ئەمەش بەمەبەستی بەراوردکردنی نرخەکانە لەگشت وولاتان کە بەشێوەیەکی وەرزی ئەنجام دەدرێت ،لایەنی سودمەند لەم ڕووپێوەدا وەزارەتی پلاندانانەو مەبەستیش لەم ڕووپێوە ئەژمارکردنی تواناى کڕین و خەرجکردنی خێزان و گشت بابەتەکانی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی یە. بۆ ئەم مەبەستەش فەرمانبەرانی دەستەی ئاماری هەرێم بەشداریان کرد لەووۆرك شوپی ئەم ڕووپێوە لەدەزگای ناوەندی ئاماری بەغداد لەماوەی نێوان (17-19)ی 5/ 2011 بەمەبەستی فێربوونی چۆنیەتی پڕکردنەوەی فۆرمی تایبەت . وە لەماوەی (22-31 ) ی 5/ 2011) ش دەستکرا بەئەنجامدانی کارە مەیدانیەکان .

خشتەی پێرستی بەکارهێن / نیسان 2011 - Consumer Price Index Table

| April | March | 2 | 1 | base year 2007 | قورساییەکان Weights | بابەت و خزمەتگوزاریەکان | # |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 141,16 | 141,38 | 0,00 | 0,00 | 100 | 25,52 | خواردن و خواردەمەنی | 1 |
| 114,49 | 114,00 | 0,00 | 0,00 | 100 | 0,60 | خواردەمەنیە کهولیەکان و توتن | 2 |
| 125,12 | 117,04 | 0,00 | 0,00 | 100 | 6,64 | جل و بەرگ | 3 |
| 115,03 | 111,13 | 0,00 | 0,00 | 100 | 29,62 | کرێی خانوو ئاوو کارەباو سوتەمەنی | 4 |
| 138,01 | 129,97 | 0,00 | 0,00 | 100 | 6,74 | پێداویستیەکانی ناو ماڵ | 5 |
| 194,43 | 192,01 | 0,00 | 0,00 | 100 | 2,13 | تەندروستی | 6 |
| 114,27 | 110,81 | 0,00 | 0,00 | 100 | 16,55 | گواستنەوە | 7 |
| 94,36 | 94,40 | 0,00 | 0,00 | 100 | 2,70 | پەیوەندی | 8 |
| 101,52 | 98,07 | 0,00 | 0,00 | 100 | 1,85 | رۆشنبیری | 9 |
| 122,86 | 123,38 | 0,00 | 0,00 | 100 | 1,20 | پەروەردە | 10 |
| 140,99 | 140,35 | 0,00 | 0,00 | 100 | 1,99 | چێشتخانەکان | 11 |
| 159,88 | 158,70 | 0,00 | 0,00 | 100 | 4,47 | کەرستەو خزمەت گوزارییە جۆراو جۆرەکان | 12 |
| 126,92 | 127,13 | 0,00 | 0,00 | 100 | 100,00 | تێکرای گشتی | |

هێلکاری پێرستی نرخی بەکارهێن / نیسان 2011 - Consumer Price Index Chart



# ئەنجامدانی سەدان پشکنین لەلایەن دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری بۆ مەوادی هاوردە کراو

## لەبڕی (95934) تەن مەوادی هاتوو لە (پاککەرەوە ، جوانکاری ، سووتەمەنی) بڕی (2167) تەن گەڕێنراوەتەوەو (1.5) تەنیش لەناو برداروە

دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری بەمەبەستی پاراستنی گیانی هاوولاتی و سەلامەتیان لە هەولی بەردەوامدایە بۆ کۆنترۆلکردنی جۆراتیەتی ئەو کەل و پەل و کالاو ماددانەی کەلەڕێگای خاڵە سنووریەکان و فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان هاوردە دەکرێن.

لەماوەی مانگەکانی 4 ، 5 ، 6 ی 2011 دا بەهەمان شێوە ئەم دەستەیە



پشکنینەکانی کۆنترۆلی جۆری بۆ مەوادی هاوردەکراو

بەبەردەوامی کارەکانی خۆی لەئاستێکی بەرزدا ئەنجامداوە بەتاییەتی پشکنین بۆ چەندەها ماددەو کەل و پەلی هاوردەکراو وەك:

هەموو جۆرەکانی پاککەرەوە،کۆزمەتیك (ماددە ئارایشتیەکان)،سوتەمەنی (بەنزین،باشکەری بەنزین)، جگەرە (جگەرە،توتنی نێرگەلە،چروت،توتنی پایپ،توتنی چێنراو)ی هاتوو لەڕێگەی بنکەکانی کۆنترۆلی جۆری (ئیبراهیم خەلیل،حاجی ئۆمەران، پەروێزخان،باشماخ) بەئامانجی کۆنترۆلکردنی ئەو کالا خراپانەی کەدێتە ناو هەرێمی کوردستان لەو بارانەی سەرەوە، ئەویش بەوەرگرتنی نموونە بەمەبەستی پشکنین لەتاقیگەکانی دەستە وەدوای هاتنەوەی ئەنجامی پشکنینەکان بەنووسراوی ڕەسمی ڕێگا پێدانیان یان گەڕاندنەوەیان بۆ دەکرێت.

ئامانجە سەرەکیەکانی ئەم پشکنینانە بریتین لە:

1- پاراستنی گیانی هاولاتیان بە پلەی یەکەم.

2- خزمەت گەیاندن و هاریکاری بازرگانان.

3- پاراستنی سەروەت و سامانی نیشتیمانی و بەفیرۆ نەدانی بە کەل و پەلی خراپی هاوردەکراو.

4- پاراستنی ژینگەی وولاتەکەمان و پاك ڕاگرتنی کە ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر تەندروستی و ژیانی ڕۆژانەی هاوولاتیان.

وەلەماوەی دیاریکراوی ئەم ڕاپۆرتەدا ، لەخاڵەسنوریەکانی: باشماخ ، پەروێزخان ، ئیبراهیم خەلیل ، وە حاجی ئۆمەران نزیکەی (90403) تەن لەمەوادی پاککەرەوە بۆ ناو هەرێم هاوردە کراوە کەلەمانە (469) تەن گەڕێنراوەتەوە بەهۆی ناتەواوی کوالێتی و (1.5) تەنیش لەو مەوادانە لەبەر خراپی لەنێوبردراون.

دەربارەی جوانکاریش: 2076 تەن هاوردەکراوە کە 1698 تەنی گەڕێنراوەتەوە، هەروەها 3455 تەن لەسوتەمەنیش لەم ماوەیەدا هاوردەی ناو هەرێم کراوە.

وەدەربارەی جگەرەش: نزیکەی (1102210) کارتۆن (شیاو) هاوردەکراوە لەگەل 225 تەنی نەشیاو ، وەهەروەها 347175 کارتۆن لەتووتنی نێرگەلەی شیاو ، (138) کارتۆنی چروتی شیاو ، (28) کارتۆنی نەشیاو . ئەمە جگەلەچەندین مەوادی تریش.

## ئەنجامدانی (1604) پشکنینی بایۆلۆجی ، کیمیاوی ، فیزیاوی بۆ کەل وپەلی هاوردەکراو

تاقیگەکانی دەستە بەشێوەیەکی سەرەکی هەلدەستن بەئەنجامدانی پشکنینی پێویست بە گوێرەی تاییە تمەندی عیراقی لە (پشکنینی بایۆلۆجی،کیمیاوی،فیزیاوی) ، بۆ کەل و پەلی هاوردەکراو . سەرجەم ئەم پشکنینانەش لەماوەی ئەم سێ مانگەدا (1604) پشکنین بوو بەهەرسێ جۆریەوە (بایۆلۆجی ، کیمیاوی و فیزیاوی) ، وەهەروەها بۆ ئەو مەوادانەی کەلەسنورەکانی هەرێمی کوردستان هاوردە دەکرێن لە (جوانکاری و پاککەرەوە و جگەرە و سووتەمەنی). پێویستە بگوترێت کەوا ئەم پشکنینانەش بەبەکارهێنانی (Method) ی جیهانی باوەڕپێکراو ئەنجام دەدرێن . ئەمەی خوارەوەش چەند جۆرێکن لەم پشکنینانە کە لەم تاقیگانەدا دەکرێن:

### (تاقیکردنەوەکانی بایۆلۆجی)

- Total plate couml.
- Total coli form.
- Faecal cali form.
- Pseudomonas aeroginosa.
- Anaerobic sulphite reduce bacteria.
- Staph.aureus
- Yeast & mold
- Salmonella

### (تاقیکردنەوەکانی فیزیاوی)

ئەم پشکنینە فیزیاویانەش چەندین جۆری جیا جیا لەخۆ دەگرێت کەهەریەکە لەمانە دەگرێتەوە (تام ، ڕەنگ ، بۆن ، مەوادی نامۆی ئەندامی و نائەندامی ، نیشتووەکان ، کەم و کوڕیەکانی بەرهەم هێنانی ماددەکە لەکارگەدا ، پشکنینی قووتوەکان ، بۆگەن بوون ، تێکچوونی ماددە بەگەرمی و شێ و چەندین تاقیکردنەوەی دیکە لەم بوارەدا.

### (پشکنینەکانی کیمیاوی)

بریتین لە (Moisture, Activeti, PH) وەهەروەها پشکنینەکانی تری کیمیاویش کە بەگوێرەی تاییە تمەندی عیراقی ئەنجامدراون، وەکۆی گشتی ئەم پشکنینانەش لەماوەی مانگی (نیسان - مایس - حوزەیران)ی ئەم سالی 2011 دا گەیشتە نزیکەی (620) پشکنین ، لەمانە 588 پشکنینیان گونجاو ، وەهەروەها 32 ی تریشیان نەگونجاو بوو.

# خشتەو هێلکاری چەند جۆرێك لەمەوادی هاوردەکراو لەخاڵە سنوریەکانی هەرێمی کوردستان

بڕی مەوادی شیاوو نەشیاوی ( جگەرە ، تووتن ، چرووت ، پایپ ) / کارتۆن

| بڕی جگەرەی هاتوو | | بڕی توتنی نێرگەلەی هاتوو | | بڕی چرووتی هاتوو | | بڕی پایپی هاتوو | | بڕی توتنی چنێراوی هاتوو | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شیاو | نەشیاو | شیاو | نەشیاو | شیاو | نەشیاو | شیاو | نەشیاو | شیاو | نەشیاو |
| 1102210 | 225 | 347175 | 0 | 138 | 28 | 0 | 135 | 1389 | 0 |

بڕی مەوادی هاتوو لە خاڵە سنوریەکانی هەرێمی کوردستان / تەن

| مەوادەکان | باشماخ | | پەروێزخان | | ئیبراهیم خەلیل | | | حاجی ئۆمەران |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هاتوو | گەڕاوە | هاتوو | گەڕاوە | هاتوو | گەڕاوە | لەناوبراو | هاتوو |
| پاککەرەو | 4032 | 25 | 31530 | 84 | 53992 | 360 | 1.5 | 849 |
| جوانکاری | 2076 | 1698 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| سووتەمەنی | 3455 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |

جگەرە— تووتن— چرووت— پایپی هاتووی ( شیاوو نەشیاو ) / کارتۆن




بڕی مەوادی پاککەرەوەی هاتوو لەخالە سنوریەکان / تەن




## کارو چالاکیەکانی هۆبەی هونەری— خشل ( هەولێر- سلێمانی - دهۆك ) لەوەرزی دووەمی 2011

هۆبەی هونەری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کەسەر بەدەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆرین، لەماوەی مانگەکانی ( نیسان ، مایس ، حوزیران )ی 2011 دا چەندین چالاکی گرنگیان ئەنجامداوە وەك: پشکنینی ئەو زێڕانەی هاوردەی هەرێمی کوردستان کراون ، پشکنینی پسولەی فرۆشتنی زێڕو ، دوکانی وەرشەی زێڕینگەری ، کێشکردنی تەرازوو ، هەروەها سەردانیکردنی بەردەوامی لیژنەی چاودێری بازاڕو چەندەها کاری دیکەی لەم بابەتانە. لەهەمان کاتدا ئەم هۆبەیە هەلساوە بەدەرهێنان و نوێکردنەوەی چەندین مۆڵەتی زێڕینگەری و فرۆشتنی زێڕ بەکۆمەل.


ئەنجامدانی پشکنینەکانی زێڕ

### کێشکردنی 138 تەرازووی زێڕ

لەهەمان ماوەی کارکردنی بەردەوامیدا دەستە هەلساوە بە ئەنجامدانی 138 کێشکردنی تەرازووی زێڕ لەهەرسێ پارێزگاکانی هەرێم ( هەولێر - سلێمانی— دهۆك ) وەبەم شێوەیەی خوارەوە:

- پارێزگای هەولێر 44
- پارێزگای سلێمانی 78
- پارێزگای دهۆك 16

### هاتنی 8583.871 کگم زێڕ بۆ پشکنین

لەماوەی مانگەکانی ( نیسان - مایس - حوزەیران )ی سالی 2011 نزیکەی 8583.871 کگم زێڕ لەهەرسێ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان هاتۆتە دام و دەزگا پەیوەندارەکانی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری سەر بە وەزارەتی پلاندانان ، بەمەبەستی ئەنجامدانی پشکنین و دلنیابوون لەجۆری ئەم زێڕانەو پاراستنی سامانی خەلك و ئابووری هەرێمی کوردستان و دلنیا بوون لەهەر کەم و کوڕیەکی ئەم ماددە بەهادارە کە گرنگی ئابوری خۆی هەیە ، هەربۆیەش ئەنجامدانی ئەم جۆرە پشکنینانە بە پێویستیەکی گرنگ دادەنرێت.

### پشکنینی 1372 گم زێڕ و 209 پسولەی فرۆشتنی زێڕ

لەلایەن لیژنەی چاودێری بازاڕیش جگە لە پارێزگای سلێمانی 1372 گرام لە زێڕ پشکنینی بۆکراوە. لەهەمان کاتدا 209 پشکنین بۆ پسولەی فرۆشتنی زێڕ ئەنجامدراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

- پارێزگای هەولێر 50
- پارێزگای سلێمانی 119
- پارێزگای دهۆك 40

# کردنەوەی چەندین خولی
# پەرەپێدانی مرۆیی بۆ فەرمانبەرانی دام و دەزگاکانی حکومەت

## کردنەوەی خولی ئامادەکردنی ڕاهێنەران
## ( TOT )




وەزارەتی پلاندانان بەپێی ئەو ئامانجانەی کەلە یاسای ژمارە 7ی ساڵی 2006 بۆی دەسنیشانکراوە ،

خشتەی بەشداربووانی خولی ئامادەکردنی ڕاهێنەران

| ناوی خول | وەزارت | ژمارەی بەشداربوو |
|---|---|---|
| ئامادەکردنی ڕاهێنەران (T.O.T) | دارایی | 6 |
| | شارەوانی | 2 |
| | پلاندانان | 5 |
| | تەندروستی | 4 |
| | کشتوکاڵ | 2 |
| | پیشەسازی | 5 |
| | ئەوقاف | 5 |
| | ڕۆشنبیری | 4 |
| | شەهیدان و ئەنفالکراوان | 2 |
| | کاو کاروباری کۆمەڵایەتی | 7 |
| | داد | 1 |
| | ناوەخۆ | 1 |

بەشێوەیەکی بەردەوام هەوڵدەدات بۆ ئامادەکردنی کادیری ڕاهێنەر لەتەواوی وەزارەتەکان ، وەبەگوێرەی چەند مەرجێکی تایبەت ، بۆ ئەوەی بتوانن ڕاهێنانی پێویست بۆ فەرمانبەرانی دام و دەزگاکانی حکومەت بکەن . بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەت لەکاری بەردەوامدایە لەکردنەوەی ئەم جۆرە خولانە بۆ دەیان فەرمانبەر.

**ئامانجی ئەم خولانە:** ئامادەکردنی ڕاهێنەران لەوەزارەتەکانی هەرێم ، بەتایبەتی ئەوانەی کەخاوەن تووانا و لێهاتوون لەبواری پلاندانان و دیزاینکردنی بەرنامەکانی ڕاهێنان .

### گرنگترین بابەتەکانی ڕاهێنان:

- دیاریکردنی پێداویستییەکانی ڕاهێنان. چۆنییەتی دیزاینکردنی بەرنامە.
- جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی بەرنامە.
- بەرنامەکان کەلەلایەن بەشداربووان دیزاین دەکرێت.

### مەرجەکانی بەشداربوون :

بەشداربووانی ئەم خولە هەڵدەبژێردرێن لەسەر بنەمای چاوپێکەوتن ، دوای دەستنیشانکردنی ناوەکانیان لەلایەن وەزارەتەکانیان بۆ بەشداریکردن لەم خولانە.

## کردنەوەی خولی
## ( فەرمانبەرانی تازە )

لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێز وەزیری پلاندانان بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی ، ئەنستیتیوتی کوردستان بۆ کارگێڕی گشتی (KIPA) ، پرۆژەیەکی ئامادەکردووە بۆ فەرمانبەرانی تازە دامەزراو لەدام و دەزگاکانی حکومەت ، بەمەبەستی ئاشناکردنیان بەبنەما سەرەکییەکانی بواری کارگێڕی لەپێناو بەرزکردنەوەی تووانا و ئەداکانیان لەخزمەتکردنی هاوولاتی هەرێمی کوردستان

**ئامانجەکانی خول:** ئاشناکردنی فەرمانبەری تازە لەئەرك و مافەکانی ئەداکردنی ئەرکی گشتی، بەگوێرەی یاسای خزمەتکردنی شارستانی و بەخشینی زانیاری تایبەت لەبارەی سیستەمی شەفافییەت و نەزاهەت لە ئەنجامدانی کارەکانیان.

### گرنگترین بابەتەکانی خول:

- ئەرك و مافەکان بەگوێرەی یاسای خزمەتکردنی شارستانی.
- چەمکی شەفافییەت و نەزاهەی کارگێڕی.
- ڕێکخستنی کارگێڕی.
- پەیوەندییە کارگێڕیەکان.
- ئەرشیف و هەڵگرتن.
- ڕەوانەکردن و نامە گۆڕینەوەی کارگێڕی.

### مەرجەکانی بەشداریکردن لەخول:

دەبێت بەشداربوو لەساڵانی (2009-2010) دەستبەکاربووبێ یاساڵی جێگیربوونی تەواو نەکردبێ.

خشتەی بەشداربووانی خولی ( فەرمانبەرانی تازە )

| ناوی خول | وەزارت | ژمارەی بەشداربوو |
|---|---|---|
| فەرمانبەرانی تازە | پلاندانان | 47 |
| | پارێزگای هەولێر | 11 |
| | گواستنەوە و گەیاندن | 16 |
| | تەندروستی | 18 |
| | سەرچاوە سروشتییەکان | 12 |
| | شارەوانی | 47 |
| | دەستەی ژینگە | 29 |
| | ئاوەدانکردنەوە | 23 |
| | کشتوکاڵ | 15 |






# کردنەوەی خولـــی (چۆنییەتی بڕیاردان) بـۆ 33 فەرمانبەری وەزارەتەکان

### گرنگترین بابەتەکانی ئەم خولە:

- شێواز و ڕێگاکانی بڕیاردانی مۆدێرن.
- جیاوازیکردن لە نێوان دروستکردنی بڕیار و بڕیاردان.
- مەشق کردن و حاڵەتەکانی توێژینەوە کردن لەبڕیاردانی چالاکدا.

### مەرجەکانی بەشداریکردن لەخول:

- پێویستە بەشداربوو پۆستی باڵای هەبێت/ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی.
- پێویستە خۆی بۆ خولەکە بەتەواوی تەرخان بکات.

### سوودمەندانی لەم خولانە:

هەموو ئەو فەرمانبەرانە دەگرێتەوە کەلەدام و دەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان فەرمانبەرن، لەهەرسێ پارێزگای (هەولێر ، سلێمانی ، دهۆك) و بەردەوامیشن لەسەر کارەکانی خۆیان

### کاریگەری ئەم چالاکییە لەکۆمەڵگەدا:

ئەو فەرمانبەرانەی بەشداری دەکەن لەم خولانە ، وەلەکاتی تەواوبوونیان و گەڕانەوەیان بۆ دەزگاکانی خۆیان ، ئەوەی لەخولەکان وەریانگرتووە بە پراکتیك جێبەجێی دەکەن . وە پێویستە بگوترێت کەوا فێرگەی نیشتیمانی بەریتانی: National School of Government (NSG) لەچەند بوارێکی ئەم بابەتانە هاوکاری وەزارەت بووە. وەهەروەها جگە لەم خولانەش چەندین خولی دیکە بۆ پەرەپێدانی فەرمانبەرانی حکومەت بەردەوامن.

خشتەی بەشداربووانی خولی چۆنیەتی بڕیاردان

| ناوی خول | وەزارەت | ژمارەی بەشداربوو |
|---|---|---|
| بڕیاردان | شەهیدان و ئەنفالکراوان | 2 |
| | داد | 2 |
| | پەروەردە | 2 |
| | کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | 2 |
| | پلاندانان | 4 |
| | کارەبا | 2 |
| | ناوخۆ | 2 |
| | ئەوقاف | 2 |
| | شارەوانی | 2 |
| | پیشەسازی | 2 |
| | دارایی | 2 |
| | سەرچاوەکانی ئاو | 2 |
| | خوێندنی باڵا | 4 |
| | تەندروستی | 1 |
| | ئاوەدانکردنەوە | 2 |

ژمارەی بەشداربووانی خول لەسەر ئاستی وەزارەت



# ئامادەکردنی ڕەشنوسی
# پلانـــی ســـتراتیجی بۆ هەرێمی کوردســــــتان

لە ئەرکە سەرەکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی ، ئامادەکردن و هەماهەنگی کردنی پلانەکانی گەشەپێدان و هەروەها بەشداریکردنە لە پێشنیازکردنی سیاسەت و ئامانجەکان و هەماهەنگی پێکردنی لەنێوان کەرتە ئابوورییە ( وەزارەتەکان ) جۆراو جۆرەکان بۆ ئەوەی ئەو سیاسەت و ئامانجانە لە پلانەکانی گەشەپێدانی دوور مەوداو مامناوەندەکان جێیان بۆ بکرێتەوە و خاڵە لاوازەکان و چارەسەرکردنەکانیشی بۆ دیاری بکرێت.

ئەوەی ئێستا وەکو بەرهەمێك لەبەردەستدایە ڕەشنووسی پلانی ستراتیجی هەرێمی کوردستانە کە بۆ یەکەم جارە پلانێکی درێژخایەنی لەوجۆرە بۆ سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بەرهەم دێت ، ئەم پلانەش ئێستا لەم قۆناغانەی خوارەوەدایە :

- چاوەڕوانیکردنی وەزارەتەکانی حکومەت و پارێزگاکانی هەرێم دەربارەی بوونی هەر پلان و ماستەرپلانێکی ترو بەراوردکردنیان لەگەل ڕەشنووسی پلانە ستراتیجیەکە ، ئەوەش بەپێی فەرمانی جەنابی وەزیری پلاندانان ئەنجام دەدرێت ، وە کارەکانی ئەم قۆناغەش بەردەوامە .
- ئامادەکاری کردن بۆ ئەنجامدانی وۆرك شۆپێك بۆ ستافی بەرێوەبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی بۆ ڕاهێنان و خۆ ئامادەکردن لەسەر چۆنیەتی ڕوونکردنەوەی ناوەرۆکی ڕەشنووسی پلانەکە بۆ پەیوەندیداران
- گەلاڵەکردنی بیرۆکەیەك تا بەپێی ستاندارد و پێوەرە ئابوورییەکان بابەتی بەدواداچوون بۆ زانینی ڕێژەی جێبەجێبوونی ( نسبة التنفيذ )ی

## سوودمەندانی ئەم پرۆژەیە

ئامانجەکانی ئەو پلانە ستراتیجیە ئەنجام بدرێت.
جگە لەوەی کەوا ڕەشنووسی پلانەکە ( 14 ) تەوەر لەخۆدەگرێ ، کە تیایدا زۆربەی کەرتە ئابورییەکانی ڕوومالکردووە و تەنانەت لەنێو کەرتێکیشدا چەندین سێکتەری تری لەخۆ گرتووە ، وەك زۆربەی چین و توێژەکان ، لە سەرمایەدار و وەبەرهێن ، تا دەگاتە توێژی هەژاری ناو کۆمەڵگا لەنێو ڕەشنووسی ئەو پلانەدا جێگەی بۆ کراوەتەوە ، بەشێوەیەك کە بەپێی دید و پەیام و ئامانجە ستراتیجەکانی ئەو پلانە چۆن بکرێ ئەو چین و توێژانە لێیەوە سوودمەند ببن. بۆ نموونە لەتەوەری ڕەهەندە کۆمەلأیەتیەکان ( الابعاد الاجتماعية )دا چەندین پێکهاتەی کۆمەڵگا تیشکی خراوەتەسەر ، وەکو:

- ئافرەت: کە تێیدا جەخت لەسەر ئەو بابەتانە کراوەتەوە: ئافرەت و چالاکیی ئابووری ، ئافرەت و




ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار ، یەکسانی لە دەستەبەری سەرچاوەکاندا. لەهەموو ئەو برگانەدا ئامانجی ستراتیجی خراوەتەڕوو بۆ کاراکردنی ڕۆڵی ئافرەت کاتی چوونە نێو بواری جێبەجێکردنەوە.

- گەنجان: ژمارەی گەنجان، دەرفەتی کار بۆ گەنجان ....هتد.
- خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان.
- بێوەژنان ، بێ دایك و باوکان و منداڵان.
- دیاردەی هەژاری و بێکاری.
- خاوەن شەهید و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی.

بۆ هەموو ئەو پێکهاتانەی سەرەوەی کۆمەڵگا ، دەیان ئامانجی ستراتیجی دیاریکراون بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی تووانا مرۆییەکانیان .

دەربارەی هاوکاریکردنی لایەنەکانیش لەئامادەکردنی ڕەشنووسی ئەو پلانە ، زیاتر پشت بەتووانا و کادیرانی ناوخۆ بەستراوە ، کە لەسەرەتادا نوێنەری زۆربەی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم لەدەیان دانیشتن لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان وەکو ستافی ئامادەکاری بەشداریان کردووە ، دوواتر وەزارەتی پلاندانان توانی دەقی ڕەشنووسی پلانەکە بۆ هەر کەرت و سێکتەرێکی ئابووری و کۆمەلأیەتی بەجیا ئامادە بکات و بیکاتە بەرهەمێکی بەرجەستەکراو کە وەك ڕەشنووسێك کەوا ئێستا لەبەردەستە. وە نیازیشە کەئەم پلانە لەساڵی 2012 دا بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

## کاریگەری ئەم پرۆژەیە لەسەر کۆمەڵگا

ئەو بابەتەی کە کۆمەڵگاکان لەیەك جیادەکاتەوە ئەوەیە کە کامە کۆمەڵگا بەرهەمهێنە و کامەیان بەکارهێنە ، لەهەرێمی کوردستانیش باس لەوە دەکرێت کە کۆمەڵگاکەی کۆمەڵگەیەکی بەکارهێنە ، ئەوەش بەو مانایە دێت کەکەرتە ئابوریەکان کەمترین بەشدارییان لە پێکهێنانی سەرجەم بەرهەمی ناوخۆییدا ( الناتج المحلى الاجمالى - GDP ) و لەسەرجەم بەرهەمی نەتەوەییدا ( الناتج القومى الاجمالى - GNP ) دەبێت و دەرەنجام پەنا دەبردرێتە بەر دەرەوە بۆ هاوردەکردنی کەل و پەل و توانا مرۆییەکان.

پنتە هەمەچەشنەکانی ئەو پلانە ستراتیجیە ئەوەیە کەچۆن دەسپێکێك بۆ بنیادنانی کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێن دابنێت و تاکی هاولأتی کوردی ببێتە تاکێکی بەرهەمهێن.

# ئامادەکردنی پلانی پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان

# وە دابەشکردنیان لەسەر بنەمای سروشتی جوگرافی و ڕێژەی دانیشتوان و ئاستی خزمەتگوزارییەکان

وەزارەتی پلاندانان لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلانی پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان ساڵانە هەڵدەستێ بەئامادەکردنی پلانی پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان ، وە دابەشکردنیان لەسەر بنەمای سروشتی جوگرافی و ڕێژەی دانیشتوان و ئاستی خواستی خزمەتگوزارییەکان بەسەر سەرجەم پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی هەرێمدا، لەچوارچێوەی هەڵسەنگاندنێکی زانستیانە و بابەتیانەی پرۆژەکان ، کەلەلایەن وەزارەتەکانەوە پێشنیار دەکرێن لە هەموو بوارەکانی وەبەرهێنان و بیناسازی و خزمەتگوزاری . وەهەروەها هەماهەنگیکردن لەگەڵ وەزارەتی دارایی بەمەبەستی پەسەندکردنیان لەچوارچێوەی پرۆژە یاسای بودجەدا ، بۆ ئەوەی بەشێوەی مەیدانی دەست بەکاری جێبەجێکردنیان بکرێت دوای پەسەندکردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان .

ئەمە وێڕای کاری ووردبین کردن و بەدواداچوونی پرۆژەکان لەسەر قۆناغەکانی جێبەجێکردن و ڕێژەی خەرجی پرۆژەکان لەمیانەی ئەو هەماهەنگیەی هەیەتی لەگەڵ لیژنەی بەدواداچوونی پرۆژەکان لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرجەم وەزارەتەکان و لایەنی پەیوەندیدار .

جگە لەمانەش وەزارەت لەم بوارەدا هەلدەستێ بە چەندین کاری دیکە بەمەبەستی کارا کردنی بەڕێوەبردنی پرۆژەکان بەشێوەیەکی سەردەمیانە و کەمکردنەوەی ڕۆتینی کارگێری و ئەویش لەڕێگای گفتوگۆکردن و پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ یاخود ناراستەوخۆ لەگەل لایەنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە پرۆژەکان کەدەتوانرێت دیارترین کاروچالاکییەکان لەماوەی مانگەکانی ( نیسان - ئایار - حوزەیران )ی 2011 بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوون بکرێتەوە.

- ڕێکخستنی لیستی پرۆژەکانی ( پەرەپێدانی پارێزگاکان ) بۆ ساڵی 2011 کەهەموو بوارەکانی خزمەتگوزاری دەگرێتەوە، وەتێکرای پرۆژەکانیش ( 814 ) پرۆژەیەو وەسەرجەمی گوژمەکەشی ( 298 ) دووسەدو نەوەدو هەشت ملیار دینارە، کەدابەشکراوە بەسەر سێ پارێزگادا بەم شێوەیە: پارێزگای هەولێر تێکرای پرۆژەکانی ( 362 ) پرۆژەو وەسەرجەم گوژمەکەشی بریتیە لە ( 105 ) سەدو پێنج ملیار دینار ، پارێزگای سلێمانی ( 285 ) پرۆژەو سەرجەم گوژمەکەشی ( 116 ) سەدو شانزە ملیار دینار ، هەروەها پارێزگای دهۆکیش بریتیە لە ( 167 ) پرۆژە و سەرجەم گوژمەکەی ( 70 ) حەفتا ملیار دینارە.

- هەماهەنگیکردن لەگەل لیژنەکانی دارایی سەبارەت بە بودجە لەوەزارەتی دارایی و پەرلەمانی کوردستان بۆ بیرورا گۆڕینەوەو وەلام دانەوەی ئەو پرسیارانەی کەلەسەر داڕشتنی پرۆژەکان لەلایەن لیژنەی دارایی ئاراستەکراون بۆ جێگیرکردنی ئەو ڕێنمایی و بۆچوونە گونجاوانەی کەلەلایەن ئەو لیژنەیەوە بە پەسەند زانراون .




خشتەی پرۆژە بەردەوام و پێشنیارکراوەکان

| جۆری پرۆژە | ژمارەی پرۆژە | گوژمەی بنەرەتی ( ملیۆن دینار ) | گوژمەی پێویست 2011 |
|---|---|---|---|
| بەردەوام ( وەزارەتەکان ) | 2359 | 9,841,276 | 2,870,803 |
| پێشنیار( وەزارەتەکان ) | 694 | 3,338,496 | 1,282,073 |
| پەرەپێدانی پاریزگاکان | 814 | 298000 | 298000 |

## پێشنیارکردنی ( 694 ) پرۆژەو بەردەوامی ( 2359 ) پرۆژەی دیکە بۆ ساڵی 2011

پرۆژەکانی بوودجەی وەبەرهێنان پێکهاتووە لە دوو جۆری سەرەکی:یەکەمیان: بەردەوامەکان ، مەبەست لەو پرۆژانەیە کە ساڵانە تدویر دەبنەوە بۆ ساڵانی دواتر ، وە سەرجەم پرۆژە بەردەوامەکانیش بریتین لە ( 2359 ) پرۆژە کەگشت پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان لەخۆوە دەگرێت، وە گوژمەی بنەڕەتی سەرجەم پرۆژەکان ( المبلغ الفعلي ) بریتی یە لەتەنها ( نۆ تریلیۆن و هەشت سەدوو چل و یەك ملیارو دوو سەدوو حەفتاو شەش ملیۆن دینار). وە گوژمەی پێویست بۆ ساڵی 2011 بۆ پرۆژەکانی بەردەوام لەم ساڵەدا بریتی یە لەدوو تریلیۆن و هەشت سەدوو حەفتا ملیارو هەشت سەدوو سێ ملیۆن دینار.

دووەمیان: بریتیە لە پرۆژە پێشنیارکراوەکان کەسەرجەمی ئەم پرۆژانەش بریتی یە لە ( 694 ) پرۆژە لە ساڵی 2011 کە بەسەرگشت پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی هەرێمدا دابەشکراون ، وەگوژمەی بنەڕەتیشیان بریتی یە لەسێ تریلیۆن و سێ سەدوو سی و هەشت ملیارو چوار سەدو نەوەدو شەش ملیۆن دینار ، بەلاَم گوژمەی پێویست بۆ ساڵی 2011 بریتی یە لەیەك تریلیۆن و دوو سەدو هەشتاو دوو ملیارو حەفتاو سێ ملیۆن دینار.

# دەستپێکردنی ستراتیجیەتێك لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و هابیتات بەمەستی چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون لەهەولێر




بووژانەوەی ئابووری لەهەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی 2003 و 2007 هاوتەریب لەگەڵ شەڕی تایفەگەری لەناوەڕاست و باشووری عێراق بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد خواستی نیشتەجێ بوون لەهەرێمەکە سێ ئەوەندەی پێشووتر زیادی کرد .

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم کێشەیە ، دەسەڵاتداران لە سەر ئاستی نیشتمانی و ئاستی هەرێم چەندین شێواز و ڕێگایان گرتەبەر بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە : ڕاوێژکردن لەگەڵ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە نێودەوڵەتیەکان و وولاتە کۆمەك بەخشەکان بۆ دابین کردنی هاوکاری یەکێك بوو لەو ڕێگایانە. هەر لەو کاتەوە ڕێکخراوی هابیتات لەبارودۆخەکەی کۆڵیوەتەوەو توێژینەوەی لەسەر چارەسەرەکان ئەنجامداوە. دەرئەنجامی هەوڵەکان بەرهەمهێنانی دوو ستراتیجیەتی نیشتەجێکردن بوو. لەڕۆژانی 9 و 10 ی تشرینی دووەمی 2010 لە وۆرکشۆپێکدا ، ئاژانسی هابیتات ستراتیجیەتی نیشتەجێکردنی نیشتمانی و ستراتیجیەتی نیشتەجێکردن لەهەولێری بۆ بەرپرسانی پەیوەنیدار لەحکومەتی فیدرالی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان خستەڕوو ، کە وەك پڕۆژەیەکی نموونەیی جێ بەجێ بکرێت .

دوای پێشکەش کردنی ئەم ستراتیجیەتە ، لەلایەن وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان داواکرا کە تیمێکی کارکردن پێك بهێنریت لە کارمەندی لێهاتووی وەزارەت و دامەزراوە پەیوەندارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێداچوونەوەی ستراتیجیەتەکە . هەر بۆ ئەم مەبەستەش وۆرکشۆپێك لەعەممانی پایتەختی شانشینی ئوردن ئەنجامدرا بۆ تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی ستراتیجیەتەکە.

دوابەدوای ئەمەش لە ڕۆژانی 1 و 2ی حوزەیرانی 2011 ، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ڕێکخراوی هابیتات و جێگری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانێکیان بۆ هەرێمی کوردستان بۆ بەدواداچوونی کارو پڕۆژەکانی ڕێکخراوەکە لەهەرێمدا ئەنجامدا.

لەدووەم ڕۆژی سەردانەکەی لە هەولێر لەمەراسیمێك کە لەلایەن ڕێکخراوی هابیتات ڕێکخرا بۆ پێشکەش کردنی ( ستراتیجیەتی نیشتەجێکردن لەهەولێر ) بەحکومەتی هەرێمی کوردستان . لەم مەراسیمەدا چەندین لە بەڕێزان وەزیرو و بەرپرسانی پلە بەرزی وەزارەت و دامەزراوە پەیوەندارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون .

ستراتیجیەتەکە واسازکراوە کە ڕووبەڕووی پێوستیەکانی نیشتەجێبوون ببێتەوە بەتاییەتی خواستی خەڵکی هەژار ئەوانەی سوودمەند نەبوونە لەهیچ پرۆگرامێکی نیشتەجێکردن.

# ڕاگەیاندنی سیستەمی بەڕێوەبردنی پەرەپێدانی کوردستان ( KDMS ) لەهەولێر

بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بەڕێکخستنەوەی سیستمی کۆکردنەوەی زانیاریەکانی پڕۆژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، ئەوانەی لەسەر بودجەی وولاتە کۆمەکبەخشەکان و ئەوانەی لەسەر بوجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێن ، بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسی USAID کە دارایی کردنی ئەم سیستمەی لەئەستۆ گرت و ڕێکخراوی UNDP وۆرکشۆپی گفتوگۆ کردنی کۆتایی سەبارەت بەپڕۆژەی سیستەمی بەڕێوەبردنی پەرەپێدانی کوردستان لەهەولێری پایتەخت لەمانگی ئایار دەستی پێکرد و بۆ ماوەی هەفتەیەك بەردەوام بوو . ئەم وۆرکشۆپە بۆ نمایشکردنی چوارچێوەی گشتی سیستەمەکە و گرنگیدان بە بواری تەکنیکی و چۆنیەتی بەکارهێنانی سیستەمەکە لەلایەن بەکارهێنەرانی لەهەردوو وەزارەتی پلاندانان لەحکومەتی فیدرالی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان .

KDMS واتە سیستەمی بەڕێوەبردنی پەرەپێدانی کوردستان ، وێنەیەکی پێشکەوتووی هەردوو سیستەمی DAD ە ، کە سیستمی کۆکردنەوەی زانیاری پڕۆژەکانی کۆمەك بەخشەکانە و سیستمی GAD یش بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پڕۆژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەم سیستەمە بریتییە لە داتابەیسێکی فراوان کەلەسەر تۆڕی ئینتەرنیت کار دەکات هەر کەسێك بۆی هەیە سەردانی ئەم سیستەمە بکات و زانیاری وورد و تەواو لەسەر هەر پڕۆژەیەك بەدەست بهێنێت .
ئەو سیستەمە لە ناوەراستی مانگی حوزەیران بە فەرمی ڕاگەیاندرا .


ڕاگەیاندنی سیستەمە بەڕێوەبردنی پەرەپێدانی کوردستان

# یەکێتی ئەوروپا بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان بەدواداچوونەوە لەسەر پڕۆژە پێشنیارەکان دەکات

دوابەدوای سەردانی یەکەمیان بۆهەرێمی کوردستان و کۆبونەوەیان لەگەڵ ژمارەیەك لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ ئاگاداربوون لە ڕەوشی کوردستان بەمەبەستی پێشکەشکردنی یارمەتی دارایی بۆحکومەتی عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان. شاندێکی یەکێتی ئەوروپی لەڕێکەوتی 2011/5/9 سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد و بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان ژمارەیەك کۆبوونەوەیان لەگەڵ چەند دامەزراوەیەکی حکومی ئەنجامدا .

بە پێی ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی عێراقی فیدراڵ و یەکێتی ئەوروپا بڕی 24,5 بیست و چوار ملیۆن و پێنج سەد هەزار یۆرۆ بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکان تەرخان کراوە کەبەشی حکومەتی هەرێم لەخۆ دەگرێت . بە پێی ئەولەویەتی یەکێتی ئەوروپا یارمەتیەکان دابەش دەبنە سەر چوار کەرتی جیاواز کەبریتین لە پاڵپشتیکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی ، فەراهەمکردنی زەمینە بۆ کەسانی پەناهەندەو ئاوارە ، پاڵپشتیکردنی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مەدەنی و پەروەردەی یاسایی باڵا.

لەچوار کۆبوونەوەی جیاواز بە ئامادە بوونی بەڕێز د. عەلی سندی وەزیری پلاندانان لەبەشێکیدا ، ئەندامانی شاندی ناوبراو ئامادەکاری و پلانەکانیان بۆ ئامادەبووان ڕوون کردەوە کەبڕیارە لەماوەیەکی نزیکدا دەست بکەن بەئەنجامدانی پڕۆژەکان ، بەلام

ئەم شاندە داوایان لە نوێنەرانی لایەنەکان کرد کە پڕۆژەکان بەهاوبەشی ئەنجام بدرێن و بەشێك لەبودجەی پڕۆژەکان لەئەستۆ بگرن .

لەکۆبوونەوەکاندا گفتوگۆی تێروتەسەل کرا دەربارەی چۆنیەتی هاوبەش بوون لە پڕۆژەکان بەلام وەك هەنگاوی یەکەم پێویستە نوێنەرانی لایەنە بەشداربوەکان پێداویستی و داواکارییەکانیان دەستنیشان بکەن لەهەمان کاتدا بەرپرسیاریەتی خۆیان دیاری بکەن کەچۆن دەتوانن بەشداربن لەئەنجامدانی پڕۆژەکە.


بەدواداچوونەوەی پڕۆژە پێشنیارەکان لەگەل یەکێتی ئەوروپا

شایانی باسە یەکێتی ئەوروپا بەکۆمەکبەخش و هاوکارێکی زۆر بەهێزی وولاتان ناو دەبرێت. تاکو ئێستا نزیکەی یەك ملیار دۆلاریان وەك هاوکاری بەحکومەتی عێراقی فیدرال بەخشیوە .

# پرۆگرامی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەڕاوێژ / CSDP ئە نجامدرا








پرۆژەی CSDP بریتیە لە پرۆگرامێك كە لەلایەن هاوڵاتیان و حكومەت جێبەجێدەكرێت بەهاوبەشی لەگەڵ بانكی نێودەوڵەتی و وەزارەتی پلاندانانی حكومەتی هەرێم دارایی دەكرێت . ئەم پرۆگرامە كاركردنی هاوبەش لەنێوان هاوڵاتیان و حكومەت هاندەدات بۆ دەستنیشانكردنی خزموتگوزارییە گشتیە گرنگەكان و جێبەجێكردنیان و لەهەمان كاتدا بەهێزكردنی پەیوەندیەكانی ناو كۆمەڵگا. لەماوەی پرۆژەكەدا كۆی 17 كۆمەڵگا / تیم لەحكومەتی هەرێمی كوردستان بەهەماهەنگی لەگەڵ حكومەت بەسەركەوتوویی كاریانكرد .

زانیاری سەبارەت بە پرۆژەكە :

تێچووی پرۆژەكە 5,026,543 دۆلاری ئەمریكیە
ماوەی پرۆژەكە 18 مانگە

كۆتایی هاتن بە پرۆژەكە مانگی حوزەیرانی 2011
شوێنی پرۆژەكە :
هەولێر ( خەبات ، ڕزگاری ، سۆران ، دیانا ، سیدەكان )
سلێمانی ( دەربەندیخان ، هەڵە بجە ، تەوێڵە ، سەید سادق ، چەمچەماڵ ، تەكیە ، چوارتە )
دهۆك ( ئاكرێ ، دینارتە ، گردەشین ، سومەیل ، فادیا )
ژمارەی پرۆژەكان : 48
كاری ڕەخساو : 1,880 هەلی كاری كورتخایەن ( 601,1 لەژێر بودجەی بانكی نێودەوڵەتی + 279 لەژێر بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان )
سوودمەندبووان : 93,367 (91,506 لەژێربودجەی بانكی نێودەوڵەتی + 1,861 لەژێر بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان )

## ئاژانسی كۆیكا بەردەوامە لەسەر دابین كردنی خولی ڕاهێنان و كۆرسی خوێندن بۆ فەرمانبەرانی حكومەتی هەرێم

كۆماری كۆریای باشوور لەڕێگای ئاژانسی كۆیكا بەردەوام پرۆژە و خولی ڕاهێنان لەهەرێمی كوردستان ئە نجام دەدات بۆ بونیاتنانی توانای فەرمانبەران .

خولی ڕاهێنان : ئاژانسی كۆیكا لەچارەگی دووەمی 2011 سێ خولی ڕاهێنانی ئە نجام داوە كە بریتین لە : خولی پیشەیی پێشكەوتوو ، پلان و سیاسەتی پەرە پێدانی پەروەردەیی ، كارپێكردنی فرۆكەخانە . لەو خولانەشدا سەرجەمی 20 فەرمانبەر بەشدارییان كردووە . فەرمانبەرانی سوودمەند فێری كەلتوورێكی نوێ و شارەزایی كۆمەڵگایەكی نوێ دەبن لەڕێگای بەشداریكردنیان لەخولی ڕاهێنانی دیاریكراو . مەرجە شارەزایی وەبواری كاركردنی بەشداربووان پەیوەندار بێت بەناوەرۆكی خولەكان تا بتوانن ئەوەی فێری دەبن بیگوازنەوە بۆ دامەزراو و هاوكارەكانیان .

خوێندنی ماستەر : بەگوێرەی سیاسەتی كاركردنی كۆیكا ، بۆ هەر ساڵێك كۆرسی خوێندن بۆ چوار كاندید بۆ خوێندنی ماستەر لەهەر وڵاتێكی كاری تێدا دەكەن دابین دەكرێت . ئەم پرۆگرامانەی ئێستا پێشكەش دەكرێن بریتین لەم بابەتانەی كەجێی بایەخی حكومەتی هەرێمن ، كە تیایدا لێهاتووترین فەرمانبەر كورسی خوێندنەكە دەباتەوە . بەگوێرەی ئەو بەرنامەیە لەنیوەی یەكەمی 2011 دوو فەرمانبەری حكومەتی هەرێم كۆرسی خوێندنیان بۆ تەواوكردنی ماستەر زامن كردوە . پرۆگرامی یەكەم بریتیە لە ( كارگێری گشتی جیهانی ) وە پرۆگرامی دووەم بەناوی ( پەروەردەی پەرەپێدانی سەرچاوەی مرۆیی جیهانی ) كە بەخشرا بە دوو فەرمانبەری حكومەتی هەرێم .


تاوتوێكردنی پرۆژەكانی خولی ڕاهێنانی كۆیكا

### داتاكان بە كورتی

- ڕەوانە كردنی 60 فەرمانبەر لە 3 خولی ڕاهێنانی جیاواز بۆ وڵاتی كۆریای باشوور .
- ڕەوانەكردنی 2 فەرمانبەر بۆ خوێندنی ماستەر لەووڵاتی كۆریای باشوور .
- ڕەوانەكردنی 5 فەرمانبەر لە 3 خولی ڕاهێنانی جیاواز بۆ وڵاتی ژاپۆن .
- تۆماركردنی 28 ڕێكخراوی ناحكومی نێودەوڵەتی وەپێدانی بروانامە و پشتگیری .

# کورتـەیـەك
# دەربـارەی وەزارەتـــــی پلاندانـــــان

ئەم وەزارەتە بەپێی یاسای ژمارە 7ی ساڵی 2006 ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق دامەزراوە بەمەبەستی ئامادەکردنی پلانەکانی پەرەپێدانی هەرێم و پێشخستنی لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتـــی ومرۆیی و ڕۆشـنبیرییەوە.

هەروەها وەزارەتی پلاندانان بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و دام و دەزگاکانی دیکەی حکومەت و کەرتی تایبەت پلانـە درێژو مامـناوەند وکورتخـایەنەکـان و پەرەپێدانی مرۆیـی و پەیوەندیەکان و هەروەها پلانی بودجەی وەبەرهێنانی حکومی بەپێی چەند بنەمایەکی تایبەت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئـامـادە دەکـات .

وەزارەت هەلدەستێ بە ئەنجامدانی کرداری ئاماری جیاجیا لەهەرێمدا بەتایبەتی ئەوانەی کەپەیوەندیان بە سەرژمێرییە گشتیەکانی دانیشتوانی هەرێم و خانوەکان و ڕووپێوی ئامادەیی تایبەت بەکەرتە جۆر بەجۆرەکانی هەرێمەوە هەیە ، وەهەروەها دانان و پەیڕەوکردنی سیستەمێکی نیشتیمانی بۆ پێوەرکاری وکۆنترۆڵی جۆرەکی لە هەرێمدا بەپێی مواسەفاتی عیراقی و جیهانـــــــی.

لە پاش مانگی ئادارەوە بەڕێوەبەرایەتـی دڵنیایی جۆری هەڵساوە بەئەنجامدانـی کـاری هەڵـسەنگاندنی توانـای فەرمانبـەران و بەرهەمـداریان لـە وەزارەتدا بەمەبەستی دەستنیـشانکردنی بێکاری دەمامکدار ( البطالة المقنعة )

ئەم ڕاپۆرتە بلاوکراوەیـەکـی وەرزیـە کەهەموو سێ مانگێك جارێك لەوەزارەتی پلاندانان دەردەچێت ، تیایدا ئەم کـارو چالاکییە سەرەکیانە بەشێوەیەکی کـورت و پوختکراو دەخاتە ڕوو کە لەم ماوەیەدا ئەنجامـی داوە چ لـەلایـەن خـودی وەزارەتـەوە یـان بـەهـاوکـاری و هەماهەنگی وەزارەتـەکـانـی دیـکـەی حکومەت و لایەنە ناوخۆیی و بـیـانـیـە پەیوەندارەکان.

پێویستە بگوترێت کەوا لەم ڕاپـۆرتـەدا تەنها ئـامـاژە بـەکـارو چـالاکـیـیـە سەرەکیەکان کراوە بەشێوەیەکی کورت ، وەبۆ هەر ووردەکاریەك یا بەکارهێنانـی داتـاکان پێویست بەگەڕانەوە دەکات بـۆ لایەنـی پـەیـوەنـدار لـە وەزارەتـی پلاندانان یا ماڵپەڕی وەزارەت

(www.mop-krg.org)

ئامادەکردن
طیب محمد اسماعیل
شارەزا – وەزارەتی پلاندانان
e-mail address: tayeb_abbasi@yahoo.com


وەزارەتی پلاندانان بەبەردەوامی هەولیداوە بۆ پێڕۆکردنی ئەو پرۆگرامانەی کە لەبەرژەوەندی بووژانەوەو پەرەپێدانی هەرێمی کوردستاندایە وە تێدەکۆشێ بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە

# ئـــامانجە ســـــتراتیجیەکانـــــی وەزارەتی پلاندانان

دەتوانرێت ئامانجە سەرەکیەکان بـەم شـێـوەیـەی خوارەوە بەکورتـــی ئاماژەیان پێبدرێت:

- ئامادەکردنی پلانی پەرەپێدانی هـەرێم لـەڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتی ومرۆیی و ڕۆشنبیری.
- دانـانـی پـلانـی درێـژو مـامـنـاوەنـد و کورتخـایەنەکـان بەبەشـداری وەزارەتـەکـان و کەرتە حکومیەکان و کەرتی تایبەت.
- دانانی پلانی وەبەرهێنانی حـکـومی و پـارەی تەرخانکراوی وەبەرهێنەکی ( الاستـثـماریة ) لـە بوودجەی گشتی دەوڵەتدا بەپێیی دابـەشـبـوونـی جوگـرافـــــــی.
- ئامادەکردنی بەرنامەی گشـتـگـیرو درێـژخـایـەن وکورتخایەن و ساڵانە بۆ پەرەپێدانی هێزی کار.
- تازەکردنەووە باشترکردنی ڕێکخستنی ئـیـداری و بەرزکردنەوەی ئاستی توانستی ڕا پـەڕانـدنـی کـار تیایاندا و گەشەپێدانی توانستی سەرکردە ئیداری و هونەرییەکان و مەشق پـێـدانـی ئـاسـتـە جـۆر بەجۆرەکان، ئەویش لـەڕێـگـای ئـامـادەکـردنـی لێکۆڵینەوەی پێویست وە بەهاوکاری لەگـەڵ دەزگـا حکومییەکانی دیکە.
- کارکردن بۆ دروستکردنی هـاوسـەنـگـی لـەنـێـوان سەرچاوەکانی دەرامەت و پـێـداویـسـتـیـەکـانـی گەشەپێدان.
- هاندانی کەرتی تایبەت و وەبەرهـێـنـی خـۆمـاڵـی وبیانی، بۆ بەشداریکردن لەگەشەپێدانی ئـابـووری هەرێم .
- ئەنجامدانی پرۆسەی ئامار لە هەرێمدا ، بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان بە سەرژمێرییە گشتیەکانی دانیشتوانی هەرێم و خانوەکان و ڕووپێوی ئـامـادەیـی تایبەت بە کەرتە جۆر بە جۆرەکانی هەرێمەوە هەیە.
- پێڕۆکردنی سیستەمێکی نیشتیمانی بۆ پـێـوەرکـاری وکۆنترۆڵی جۆرەکی لە هەرێمدا کە بگونجێت لـەگـەڵ مواسەفاتی عیراقی وجیهانی.

MINISTRY OF PLANNING ACTIVITY AND ACHIEVEMENT

REPORT

www.mop-krg.org

# ڕاپۆرتـــی

# کارو چالاکییەکانی وەزارەتـــی پلاندانـــان

## وەرزی دووەم

( نیسان - مایس- حوزەیران )

2011

تەمموز - 2011

هەولێر– شەقامی 60 مەتری – نزیک سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران